# کورد چۆن دەتوانیت خزمەت بەکورد بکات؟

## بەختیار مام شێخ

ڕاستە ئەمرۆ دەرگای دیبلۆماسیاتی جیهانی بەڕووی کورد کراوەتەوە کە ئەمەش لە ژێر کاریگەری ڕاستەقینەی جیهانگیری و بچووک بوونەوەی دونیا دێت لە بن فشاری سەردەمی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێتەوەیە کە گەورەترین پاڵپشتی گەل و نەتەوە مافخوراوەکان دادێت،بەلام سەرەڕای ئەمەش دۆستی ستراتیژی و هێزی لەبن نەهاتووی کورد و گەلانی کوردستان تەنهاتاکی کورد و پارچاکانی تری کوردستانن. باشترین هێز و پاڵپشتی بۆ هەرەشەوگۆڕەشەی بەعسیە تازەکانی ئێراق لە قوڵایی ستاتیژی باکور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستاندایە. هەربۆیە دەبێت لە ڕووی ستراتیژیەوە پەرە بە پەیوەندیەکانی دانیشتوانی ئەم بەشانە و خەڵک و خاکی باشووری کوردستان بدرێت شان بەشانی حیزبە سیاسیەکانیانیان

ئەمرۆ زۆر لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە و جیهان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەست لە کارو باری ناوخۆی سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان وەردەدەن جا بە چەک، پارە یان تەنانەت ناردنی هێزی چەکداری بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕژێمی بەعس دژ بەخەڵکی سوریا بجەنگن یان بە پێچەوانەوە. ڕەنگە ئەمە لە بواری کاری هەوڵگری و سیخوڕیدا کارێکی ئاسایی بێت، خۆ ئەگەر بەرپرسە کوردەکانی و حکومەتی کوردستان کارێکی لەم بابەتەتان کردبێت بۆ یارمەتی دان و چەکدارکردنی کورد لە ڕۆژئاوا ئەوا کارێکی خارپیان نەکردووە، بەڵام کێ پرچەکبکرێت و دژ بە کێ؟

ئاشکریە کە لەت لەتکردنی کوردستان چ کاریگەریەکی دەروونی خراپی لەسەر هەموو تاکێکی کورد بەجێهێشتووە، هەربۆیە زۆر گرنگە هەوڵبدرێت بۆ کەم کردنەوەی ئەم کاریگەریە. ئەوانەی ئەمرۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدەن سەرەتا لە ساڵی ١٩٩١ لە ئێراق و باشووری کوردستاندا دەستیان پێکرد، هەر ئەمەش بوو بە پێشینە بۆ گۆڕانکاری بە پەلەو لە ناکاوەکانی ناوچەکە،کە لە ئێستا و لە داهاتوشدا بەردەوام دەبن. ئێستا زۆر لە جاران ڕوونترە کە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست واخەریکە جارێکی تر دادەڕێژرێتەوە، بۆیە زۆر گرنگە ئێمەی کورد لە ئاست ئەم گۆڕانکاریانەدابین. ئەگەر کورد لە باشوور یەکدەنگ و یەک ڕیز بن ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە تەجروبەری حوکمڕانی باشوور لە بیست ساڵی ڕابردوو(سەرەڕای هەموو عەیب و عارەکانی) بووە و دەبێتە هەوێنی ئازدی و سەربەخۆیی پارچەکانی تری کوردستان. تەنانەت یەکگرتنەوەی کوردستانیش چیتر بە ئامانجێکی زۆر سەخت و خەونی شاعیران تەماشا ناکرێت، بەڵکو دەبێتە واقیعێکی بەرجەستەو ئاواتی هەموو کوردێک، تەنانەت هی ئەوانەش کە تا ئەم ساتەش باوەڕیان بەم یەکگرتنەوەیە نیە.

به بڕوای من پێویسته هەرچی زووه هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ کۆکردنەوەیارمەتی مرۆیی له خۆراک، نەوت، گاز، جلوبەرگ و دەرمان چ له ڕێگای حکومەت چ له ڕێگای **چەترێکی نیشتمانی**بۆ ڕێکخراوه خێرخوازی و مرۆییەکانی کوردستان ڕابگەیەندرێت. بەڵام زۆر گرنگه به هیچ جۆرێک ناوی هێچ حیزب و لایەنێکیلێ نەهێندرێت بەڵکو ناوی لێبیندرێت له خەڵکی باشوورەوه بۆ ڕۆژئاوی کوردستان. ئەمکاره خۆی لەخۆیدا دەبێته هۆکاری پتەوکردنی هەستکردن به چارەنووسی هاوبەش و هیوای یەکگرتنەوه زیندوودەکاتەوه.

گۆڕانکاری زۆر گەوره دەستی پێکردووه و هێشتا هی گەورەتریش بەڕێوەیه، هەر بۆیه دەبێت حکومەت و خەڵکی باشووری کوردستان بەشێک له داهاتیان تەرخان بکەن بۆ ئەم ئامانجه پیرۆزه هەر چۆن ئەڵمانیای ڕۆژئاوا هەرچی له توانایدابوو خەرجی کرد بۆ بوژاندنەوه و دووباره درووستکردنەوەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دوای یەکگرتنەوه، تا ئەمڕۆ ئەڵمانیای تازه و یەکگرتوو بووه به بەهێزترین هێزی ئابووری ئەورووپا، ئێمەش له باشوور دەتوانن هەمان ڕۆل ببینین و بۆ یەکەم جار له مێژووی خۆمان و جیهان هەوڵدەین بۆ ئازادکردنی خوشک و براکانمان له بەشەکانی تری کوردستان. لەم پێشهات و گۆڕانکاریانەی ناوچەکەمان ئەگەر به شێوەیەکی ستراتیژی و ژیرانه مامەڵه بکەین ئێمه براوەی سەرەکی دەبین و تاکه شتێک که لەدەستی بدەین ئەو کۆت و زنجیرانەن که داگیرکەرانی کوردستان له دەست و قاچیان کردووین.

گۆڕانکاریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست له ١٩٩١ له کوردستانی باشوور دەستیان پێکرد و ڕینگه ١٠ ـ٢٠ ساڵی تریش بەردەوام بن. بەردوری نازانم که دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس له سوریا و برینی باڵی ڕاستی ئێران له سەر دەریای ناوەڕاست که ئەم ئاگره بپەڕێتەوه بۆ ئێران و ڕاپەڕینی سەرتاسەری ئێران و تاوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوه. هه بۆیه به حوکمی پێگەی سیاسی و نێودوڵەتی باشووری کوردستان پێویستدەکات که بەشێک له بودجەی کوردستان له ١٠ـ٥% ئەم بودجەیه سەرەتا تەرخان بکرێت بۆ یارمەتی مرۆیی بەشەکانی تری کوردستان. ئەم بابەته زۆر ستراتیژی و هاەستایره بۆیه دەبێت دوڵەت گرنگی پێبدات و حیزب دوربێت له مەسەلەیه و به هیچ شێوەیەک تێوەنەگلێت. کاتێک که حکومەتەکانی ناوچەکه و جیهان به نهێنی و ناڕاستەوخۆ چەک و تەقەمەنی بۆ بەهەڵستکارانی ڕژێم ڕەواندەکەن، پێویستدەکات گەل و حکومەتی کوردستان لەژێر **چەترێکی نیشتمانی** بۆ کۆکردنەوه و ناردنی پێداویستی مرۆیی له (دەرمان، خۆراک، ئاوی پاک، پێخەف و جل و بەرگ، نەوت و غاز و گاز و هتد )به ئاشکرا وەک کۆمەک بۆ دانیشتوانی ڕۆژئاوای کوردستان بنێرن. بەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەموو تاکێکی ڕۆژهەڵات پتەوتر دەکەین. لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنیش گرنگی پێدبرێت. بەمەش ئێمه دەتوانین ڕووه شارستانییەکەی خۆمان نیشانی هەموو دونیا بدەبین.

**سەرچاوە: ستاندەر**